# فیدرالی تەنێ دابەشکردنی دەسەڵات نییە

ئەمجەد شاکەلی

کە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1992دا، وەک شێوەی کارگێڕی بۆ باشووری کوردستان، بڕیاری هەڵبژاردنی سیستمی فیدرالی دا، دوو هۆی سەرەکی لە پشت ئەو بڕیارەوە بوون:

1. پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی حوکومەتی بەعسی عیراق جێهێشتبوو، کاتێک کارگێڕی و دەسەڵاتی خۆی لەو بەشەی کوردستان، کە بۆ خۆی پێی دەگوت: ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کێشایەوە. بە هەڵبژاردنی فیدرالی، بواری دانانی حوکومەت و دەسگا کارگێڕییەکانی دیکە بۆ گەلی کوردستان ڕەخسا، کە بە جۆرێکی دیکەی سیستمی کارگێڕی نەدەڕەخسا.

2. هەڵبژاردنی فیدرالی بەرزکردنەوەی پایەی خواستەکانی حیزبەکانی کوردستان بوو، لە نانێوەندەکی و ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەوە، کە ساڵانێک بوو ئەو حیزبانە وەک دروشم بڵندیان کردبووە و چەندین جار گوتوبێژ و دانوستاندنیان لەگەڵ حوکوومەتە جیاوازەکانی عیراقدا لە سەر کردبوون و عیراقیش جارێک پێیان قایل دەبوو و جارێکی شۆخیی پێیان دەهات.

ئەگەر هەڵبژاردنی فیدرالی وەک سیستمی کارگێڕی و دەسەڵات لە عیراق و کوردستاندا تەنێ بە واتای دابەشکردنی دەسەڵات بێت[1] لە نێوان نێوەند و کوردستاندا و هیچ جۆرە گرنگییەکی تێدا نەدرێت بە خاک و جوگرافیا و جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی(لە حاڵەتی دەڤەرەکانی دیکەی عیراقدا)و..ئەو جیاوازییانە لەبەرچاو نەگیرێن، کەواتە گەلی کوردستان یا ڕاستتر سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستان(چونکە فیدرالی خواستی ئەوانە نەک گەلی کوردستان، گەلی کوردستان جیابوونەوەی کوردستانی لە عیراق و سەربەخۆیی دەوێت) چ پێویستییەکی بە گۆڕینی نێوی نانێوەندەکی و ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە نەبوو بە فیدرالی! دەکرا هەر بەو ناوانەوە یا هەر ناوێکی دیکەوە باس لە دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ حوکوومەتی نێوەندا بکرێت. ئەگەر مەبەست تەنێ دابەشکردنی دەسەڵاتیش بێت، دەبێ ئەو دەسەڵاتە بە سەر ناوچەیەکی دیاریکراودا بێت و ئەو ناوچەیە سنووری خۆی هەبێت، کە لە بەشەکانی دیکەی عیراق جوێی بکاتەوە. کە سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستان باس لە فیدرالی جوگرافیایی و نەتەوەیی و

---

[1] جەمال عەبدوڵا، فیدرالی دابەشکردنی دەسەڵاتە نەک خاک و خەڵک، کوردستانی نوێ ، ژمارە 3758، پێنجشەممە 2005/8/25.

مێژوویی بۆ کوردستان دەکات، گەرەکە باس لە دیاریکردنی سنووری کوردستان بکات و مەبەستی فیدرالییەک بێت، ئەگەر گوێی خۆی لێ کەڕ نەکات و خۆی لێ گێل نەکات و پاساو بۆ دۆڕانەکانی خۆی نەهێنێتەوە و خۆی و گەلی کوردستانیش هەڵنەخەڵەتێنێت وەک لەم دەستوورەدا کردیان ، تەواوی باشووری کوردستان(ئوستانەکانی مووسڵ و دهۆک و هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و دەڤەرەکانی خانەقین و مەندەلی و تا دەگاتە بەدرە و جەسسان و کووتیش) بگرێتەوە.

ئەو فیدرالییەی تەنێ دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێوان نێوەند و هەرێمەکاندا و چ تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی و ئایینی و جوگرافیایی و مێژوویی لەبەرچاو ناگرێت، جۆرە فیدرالییەکە بۆ وڵاتێکی یەک نەتەوە و یەک ئاین و یەک جوگرافیا و یەک مێژوو دەست دەدات، وەک ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە دوو وڵاتی لەو جۆرەن. ئەگەر وڵاتانێکی وەک لیبیا، ئوردون، توونس، دانمارک، ببن بە وڵاتگەلێکی فیدرالی، ئەوا ئەوانیش لەبەر ئەوەی یەک نەتەوە و یەک ئاین و یەک خاکن، فیدرالییەک چێ دەکەن، کە تەنێ دەسەڵات لە نێوان هەرێم یا ئوستان یا کانتۆنەکاندا دابەش دەکەن. فیدرالییەک، کە سوودانییەکان باسی لێوە دەکەن و گەلی خوارووی سوودان پەسەندیان کردووە، بێجگە لە دابەشکردنی دەسەڵات و جیاوازیی خاک و نەتەوە و ئاینیشی لەبەرچاو گرتووە. ئەگەر فیدرالییەک لە ئەلجەزائیر و مەغریب و ئیسپانیا و فرەنسا ساز ببێت، لەبەر جیاوازیی بەربەرەکان لە عەرەب و جیاوازیی باسکەکان لە ئیسپانیایی و فرانسییەکان، تەنێ دابەشکردنی دەسەڵات نابێت، بەڵکە خاک و خەڵکیش دەگرێتەوە. سکۆتلاند و ئێرلاند باکووری بریتانیای ئێستا، لەبەر جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینییش لە حاڵەتی ئێرلانددا، هەریەکەو خاوەنی خاک و خەڵکی خۆیەتی و تەنێ دەسەڵات نییە لەوێ دابەشکراوە. ئەو فیدرالییەیشی بۆ عیراق و ئێران و تورکیا و سووریا و...دەست دەدات، دەبێ فیدرالییەک بێت سنووری کوردستان لە نێو عیراق و ئێران و تورکیا و سووریادا، دیاری بکات و بە گوێرەی جوگرافیا و مێژوو و جیاوازیی نەتەوەیی سنووری خاک و گەلی کوردستان لە سنووری خاک و گەلانی دیکەی ئەو وڵاتانە جیاکاتەوە. دەکرێ ئەم جۆرە فیدرالییانەی عیراق و ئێران و تورکیا و سووریا، ئەگەر رۆژێک لە رۆژان چێ ببن، وەک نموونەی کەونەسۆڤییێت و کەونەچیکۆسلۆڤاکیا و کەونەیۆگوسلاڤیا ببینین، کە پاشتر هەموو هەڵوەشانەوە و کۆمەڵێک دەوڵەتی سەربەخۆیان لێ دروست بوو.

ئەو فیدرالییەی عەرەبی شیعەیش داوای دەکەن، تەواوی ئوستانە شیعەکان لە یەک چوارچێوەدا خڕدەکاتەوە و یەکدەخات و بەو جۆرە دەتوانن تایبەتمەندیی ئاییترایی خۆیان بپارێزن و خۆیان لە سوننەی عەرەب(کە تەنێ لە رووی ئاییترابییەوە جیاوازن دەنا لە رووی نەتەوەییەوە یەکن و هەردوو هەر عەرەبن) و کورد جیا بکەنەوە. خۆ ئەگەر فیدرالی تەنێ دابەشکردنی دەسەڵات بووایە، ئەوا پێویست نەدەبوو شیعە خۆیان لە سوننە جیا کردایەتەوە و دەکرا دەسەڵاتی ئوستانەکانی خۆیان گرتبایە دەست و باسی یەکخستنی تەواوی دەڤەرە شیعەکەیان نەکردایە، کە بەشە زۆر و گەورەکەی عیراق دەگرێتەوە.

ئەگەر فیدرالییەک لە باشووری کوردستاندا مۆرک و سیمایەکی کوردستانی نەبێت و تایبەتمەندییەکانی گەلی کوردستان نەپارێزێت و نەیانخاتە یەک چوارچێوەوە و گەلی کوردستان نەکاتە خاوەنی سامانی وڵاتی خۆی و ڕێگەخۆشکەرێک نەبێت بۆ خۆجیاکردنەوە لە عیراق و سنووری خاک و خەڵکی کوردستان دیاری نەکات و هەنگاوێک نەبێت بەرەو سەربەخۆیی، ئەوا بە کەڵکی هیچ نایەت و یەک پووڵی قەڵب ناهێنێت. خۆ ئەوەی ئێستا لە هەولێر و سلێمانی لە ئارادایە و دوودانە حوکوومەت سواری سەری ئەو خەڵکە بوون، دابەشکردنی دەسەڵاتە، بەڵام بە زۆرەملێ و بێ خواست و قایلبوونی گەلی کوردستان. فیدرالی تەنێ دابەشکردنی دەسەڵات نییە، بەڵکە دابەشکردنی خاک و خەڵکیشە، ئەگەر وا نەبێت ئەوا سەرانی کورد هیچ پێویستیان بە نەخشە و بەڵگەهێنانەوەی مێژوویی و جوگرافیایی، بۆ سەلماندنی کوردستانیبوونی کەرکووک و کوێ و کوێ نییە و ئەوە تەنێ خۆشەکەتکردنە و دەکرێ بە ئاسانی لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات لە سەر ئاستی ئوستان بێت یا چەند ئوستانێک پێکەوە، لەگەڵ حوکوومەتی نێوەنددا پێک بێن.

عەرەبی عیراق و تەواوی ناکوردانی دیکەی عیراق لەخوایان دەوێت، فیدرالی تەنێ دابەشکردنی دەسەڵات بێت و بەس و بەهیچ شێوەیەک توخنی دابەشکردنی خاک و خەڵک نەکەوێت، چونکە ئەوە بۆ ئەوان دەکاتە یەکیەتیی خاکی عیراق و یەکیەتیی گەلان و نەتەوەکانی عیراق و تواندنەوەیان لە یەک گەل و نەتەوەدا و کردنیان بە عەرەب. عەرەبی عیراق پێیانوایە عیراق یەک نەتەوەیە و بەشێکە لە ئوممە(أمة)ی عەرەبی و خاکی عیراقیش بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی و ئیدی باس لە کوردستان و بوونی کورد لە ئارادا نییە. هەر عەرەبی عیراق بەو جۆرە بیر ناکەنەوە، سەرانی کوردیش وەها بیر دەکەنەوە. کە فیدرالی تەنێ وەک تێزی دابەشکردنی دەسەڵات سەیر بکرێت و چ کارێکی بە سەر خاک و خەڵکەوە نەبێت، ئەمە خزمەتێکی گەورەیە بە تێزی عیراقییاندنی خاکی کوردستان و گەلی کوردستان، کە سەرکردەیەتیی سیاسیی باشووری کوردستان بۆ خۆی برەوی پێ دەدات و پێڕۆی دەکات. گوتنەوە و پەرەپێدانی وەها تێزێک لە لایەن هەر کەسێکەوە بێت، ڕێکلامە بۆ بیری عیراقییانەی سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستان و دووبارەکردنەوەی بۆچوونی ناکوردستانییانەی دەسەڵاتی کوردستانە و پێچەوانەی خواستی گەلی کوردستانە. خواستی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتیی خۆ لەکن ئێریترییایەکان و تیمووریيەڕۆژهەڵاتییەکان پێش سەربەخۆبوونیان و لەکن چیک و سلۆڤاک و کروات و سەرب و بۆزنیایی و گورجی و ئەرمەن و لیتوانی و ئەستۆنی و کازاخی و تاجیکی و...دوای لەبەریەکهەڵوەشانەوەی چیکۆسلۆڤاکیا و یۆگوسلاڤیا و سۆڤیێت و لەکن باسکەکان و خارووی سوودان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، نیشانەی شکستهێنانی فیدرالی و نەگونجانی کێشەی خاک و خەڵک و ئایینە، کە دەکرێ بۆ حاڵەتی گەلی کوردستانیش هەر بەو جۆرە بێت. گەلی کوردستان فیدرالییەکی نەگەرەکە بیعیراقێنێت و بیعەرەبێنێت، ئەگەر هەر ناچار بێت و فیدرالی بە سەردا بسەپێنرێت، ئەوا فیدرالییەکی گەرەکە دایبڕێ لە عیراق و لە عەرەب و بیکاتە خاوەنی خاک و وڵات و گەلی خۆی.

2005/8/29